# ڕەمز و ڕازی ئاو لە ئەفسانەو باوەڕی کۆندا

محەمەد سلێمان عەباس

لە زۆربەی ئەفسانەکاندا، ئاو ئەرکێکی ئەفسانەیی و دەلالەتێکی گەردوونی هەیە.

ئاو هێمایەکی دەوڵەمەند و فرەلایەن و فرەڕەهەندە لە نێو ئایین و کولتووری گەلاندا، دەتوانین هێماکانی ئاو بکەین بە سێ کۆمەڵی سەرەکی: سەرچاوەی ژیان، ئامرازێک بۆ پاکژبوونەوە، ئامرازی نوێبوونەوە.

**١- ئاو سەرچاوەی ژیان:** لە زۆربەی ئەفسانەکانی خوڵقاندن و ئافراندندا، ئاو بە توخمی سەرەکی دادەنرێت، یان لە نێو ئۆقیانووسێکی بەراییدا ژیان پەیدابووە، ئەم باوەڕە زۆر کۆن و بڵاوە و لەلای زۆربەی ئایین و ئەفسانەی گەلاندا هەیە و باس کراوە.(١)

**٢- ئاو پاکژکەرەوەیە:** وەک باوە و زانراوە، ئاو پاکژکەرەوەیە و لە زۆربەی کولتوورەکانی دنیادا، لە سرووت و ڕێوڕەسمە ئایینیەکاندا، ئاو بۆ پاکژبوونەوە (تطهير)، بەکاردێنن. لە هیند لە سەرەتای ساڵی نوێدا ڕێوڕەسمی پاکژکردنەوەی پەیکەری خواوەندان، بە ئاو بەڕێوەدەچێت، هەروەها لە میسردا، بەلانی کەم لە کۆتاییەکانی چاخی بنەماڵەکاندا، کاهینەکان پێش ڕۆژهەڵاتن، بە ئاوی دەریاچەی پیرۆز، خۆیان پاکژ دەکردەوە و چواردەوری پەرستگەیان ئاوڕشێن دەکرد، هەروەها سازدانی گەرماوی پیرۆز بۆ پەیکەرەکان، نەریتێک بوو لە پەرستنی خواوەندان لە فینیقیا

و دوورگـەی کریتـدا، لـە میزۆپۆتامیـا و ئاسـیای بچووکیشـدا، کاهین (زێوان)ــەکان، پاکژکردنـەوەی گوناحبـار لـە هەڵـە و تـاوان بـە ئـاو دەکـرا، لای جوولەکەکانیـش ئـەو سـرووتە هەبـووە و بـاو بـووە، لـە ئایینـی مەسـیحیشـدا، بـاوەڕ وایـە لـە ڕێگـەی لـە ئاوهەڵکێشـان (مۆرکردن)دا، ئاوەکـە گوناحـی مرۆڤەکـە لادەبـات. (٢) باوکانی کڵێسا هەندێک لـە هێماکانی ئـاو کـە پێش ئایینـی مەسـیحی بـاو بوون و کاریگەرییەکـی هەمەکییـان هەبـوو، خواسـتیانە و بەکاریـان هێنـاوە و مانـا و دەلالەتێکـی نوێیـان بـە هێمـاکان بەخشـی، کـە پەیوەسـتن بـە بوونـی مەسـیح.

لـە ڕووی مێژووییـەوە ترتولیا (Tertullien) لـە کتێبـی مۆرکـردن- ٥ De Baptismo)، پێـی وایە کـە ئـاو (جێگـەی ڕوحـی خوداوەنـد بـوو و لـە گشـت توخمەکانـی دیکـەی بـە چاکتـر دادەنـا... ئـەوە نـاوی یەکەمینـە ژیانـی لـێ کەوتووەتـەوە و هێناوەتـە دی، بۆیـە مایـەی سەرسـوڕمان نییـە کـە دەبینیـن لـە ڕێگـەی مۆرکردنـەوە ژیان دەبەخشـێت و هەمـوو جۆرەکانـی ئـاو لـە ئاکامـی ئـەو خەسـڵەتانەی کـە هەیەتـی هـۆکاری نهێنـی تەقدیسـکردنی ئێمەیـە بـۆ ئـاو، ئـەوەش فـۆرم و کاتێک کـە ئـاو بـە کاردێنیـن نـاوی خـودا دێنیـن هـەر کـە نـاوی خودامـان هێنـا، ئـەوە (ڕوحـی قـدوس- الروح القدس) لـە ئاسمان دەردەکەوێت و لەسـەر ئاوەکـە ڕادەوەسـتێت و بـە ئامادەبوونی، ئاوەکـە پیـرۆز دەکات، کاتێـک ناوەکـە تەقدیـس دەکرێت بـەم جـۆرە تەقدیسـکردن لـەو ئـاوەی کـە زام و ئـازاری جەسـتەی چـاک دەکـردەوە. (٣)

لـە چەنـدان کولتـووری دیکەشدا، پاکژکردنەوەی خولـی (دەوری) بەسـەر ئافرەتانـدا دەسـەپێنن، بـۆ نموونـە لـە وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی دووردا، کـە برنـج خۆراکـی سـەرەکییانە، لـە میانـەی چاندنـی برنجدا، کـە ئافرەتـان لـەو کارەدا بەشـدارن، دەبـێ ئافرەتـان خۆیـات بـە ئـاو پاکـژ بکەنـەوە، بـۆ ئـەوەی شـەتڵەکانی برنـج باشـتر گەشـە بکەن (٤).

**٣- ئاو هێمای نوێبوونەوەیە:** لەلای برەهمییەکانی هینـد دا، لـە میانـەی ئاهەنگی هاوسـەرگیریدا، کاتێک کاهینێکـی برەهمـی ئـاو بەدەسـتی زاوادا دەکات، زاواکـەش ئـاو بـە دەسـتی بووکەکـەدا دەکات، ئـەو سـرووتە واتـای دووبارە لە دایکبوونەوە دەبەخشـێت، یـان لەدایکبوونێکـی تـازە لـە نـاو کۆمەڵگـەدا (٥).

لـەم بارەیـەوە، کاتێـک بـاس لـە بنیـادی ڕەمـزی ئـاو دەکات، مرسـیا ئەلیـاد دەڵێت: ((ئـاو ڕەمـزە بـۆ هەمـوو بوون، پێش هەمـوو وێنە و شـێوەیەک دەکەوێت و بەرکەوتـن لەگـەڵ ئـاودا مانـای لـە دایکبوونێکـی نوێیـە، چونکـە تواندنـەوە لـە دایکبوونـی نـوێ بـە دوای خۆیـدا دەهێنێـت، هەروەهـا نوقـم بـوون، توانایی ژیانـی شـاراوە بـە پیـت دەکات و دوو هێنـدەی دەکات، لەبـەر ئـەوە ئـاو لـە هەندێک سیسـتمی ئایینیدا، هەمان ئەرکـی خـۆی دەپارێزێـت، واتـە لـە نـاو شـێوەکاندا شـکۆمەند دەبێـت، ئـاو ناتوانێـت خـۆی لـە مەرجـی بوونـی بـە هێـز لابـدات، تاوانـەکان و کەلوپەلـەکان و هەمـوو شـێوەکان لـە سـەروو ئاسـتی ئـاوەوە شـکۆمەند دەبـن)). (٦). لێکۆڵـەری بـواری ئەفسـانە و ئایینـەکان، مرسـیا ئەلیـاد لـە کتێبـی «موقـەدەس و ناموقـەدەس» لـە بابەتـی، بنیـادی هێمـای ئـاو، دەڵێـت: کاتێـک بەهـای ئـاو شـی دەکەینـەوە، چاکتـر درک بـە بنیـاد و ئەرکەکـەی دەکەیـن، هەروەهـا دەڵـێ، ئـاو هێمایـە بـۆ ژمارەیـەک ئەگـەری گەردوونـی و جێگـە و پێگـەی سـەرجەم ئەگەرەکانـی بوونـە و پێـش هەمـوو فۆرمێکـە و لایەنگری هەمـوو خەڵقکردنێکـە، ئامـاژە بـەوە دەکات کـە نقومبـوون لـە ئـاودا هێمایـە بـۆ پاشەکشـە و گەڕانـەوە بـۆ پێـش پێکهێنـان- بـۆ کایـۆس- هێمایـە بـۆ دووبـارە ئاوێتـە بـوون بـە جیهانێکـی شـێواو، جیهانـی پێـش بـوون. سـەرئاو

کەوتنیش دەرکەوتنی شێوەی گەردوونی دووبارە دەکاتەوە، کەواتە هێمای ئاو لە یەک کاتدا مردن و زیندووبوونەوە لە خۆدەگرێت، پاڕانەوە لە ئاو نوێبوونەوە لە خۆ دەگرێت: چونکە لە دوای هەر شیبوونەوەیەک لە دایکبوونێکی تازە هەیە، لەبەر ئەوەی نقومبوون توانایی ژیان زێدەتر دەکات، نقومبوون لە ئاودا چ لە ئاستی گەردوونی بێت، یان لە ئاستی مرۆڤناسی، واتای کپبوونی کۆتایی نایەت، بەڵکوو تێکەڵبوونێکی کاتییە لەگەڵ بێ فۆرم و شێواویدا، کە دروستبونێکی تازەی بەدوادا دێت (٧).

لەلایەکی دیکەوە، ئاو هێمای پیت و فەڕ و بەرەکەت و حیکمەت و لوتف و سۆزی خوداییە.

ئاو نمایندەی چەندان ئەگەر و پێکهاتەی جیاجیا دەکات، هەروەک چۆن توخمی یەکەمە لە توخمەکانی بوون، ئاو دوو ڕوخساری هەیە: ئاوی سەرەوە (هێمای پێکهێنەرە شیاوەکان) و ئاوی ژێرەوە (هێمای ئەو پێکهێنەرانەی لە واقیعدا بوونیان هەیە) (٨).

ئاو ئاماژەیە بۆ بوون و ژیانی پێشتر لەسەر شێوەی ئەو ژیانەی کە هێشتا شێوەکەی یەکی نەگرتووە، ئاماژەشە بۆ ئەوەی ڕوودەدات و هەمیشە فیچقە دەکات بۆ بوون، گۆڕان، بۆ وەرچەرخاو، ئاماژەیە بۆ بە پیتی و پەرەسەندن، ئاو ڕەگەزێکی دروستکەرە، هەروەها ئاو سیمبۆلی مێینەیە.

لە ڕوانگەی مرۆڤی سەرەتاییدا و لە کولتووری زۆربەی گەلاندا، ئاو بە سەرچاوە و بنەڕەتی بوون دانراوە، هەروەک لە ئەفسانەکانی ئافراندندا، ئاو توخمی سەرەکییە لە پرۆسەی خوڵقاندنی گەردووندا، بۆ نموونە لە ئەفسانەی سۆمەریدا هاتووە: نەمۆ نمایندەی ئاوی یەکەمە و لەو- نەمۆ - دا، خواوەندی ئاسمان «ئان» و مێخواوەندی زەوی «کی» پەیدابوون و لە یەکگرتنی ئاوی شیرین «ئاپسو» لەگەڵ ئاوی سوێر «تیامەت» خواوەند و بوونەوەرەکان پەیدابوون (٩).

بە گوێرەی ئەفسانەیەکی کۆنی میسر، سەبارەت بە ئۆزیرس گوتراوە: تۆ سەوزی لە ناو دەریایەکدا، تۆ وەک زەریا گەورە و کەوانەیی، هەروەها بە گوێرەی ئەفسانەکە، ئۆزیرس خودی «ئاو»ـە، بۆیە سەرچاوەی پیت و فەڕییە، ئۆزیرس ئەو ئاوەیە کە مایەی ژیانە بۆ هەمووان، ئەو ئاوەیە کە وزە و ژیان بە زەوی دەبەخشێ (١٠)، هەروەها لە ئەفسانەی میسریدا هاتووە: نون، یان نوو، نمایندەی ڤالاییە کە بریتییە لەو ئۆقیانووسەی کە بوون و گشت بوونەوەرەکان لەو سەریان هەڵداوە، لە کولتووری میسریدا نون لە شێوەی مرۆڤێک وێنا کراوە، کە ئاو تا ناوقەدی هاتووە و دەستەکانی بۆ ئاسمان بڵند کردووە و بەم جۆرە خواوەند و بوونەوەرەکانی ڕاگرتووە (١١).

هەروەها ڕووباری نیل لای میسرییەکان پیرۆز بووە و بە (هاپی) ناوبراوە، لە شێوەی پیاوێکی قەڵەو و بە هێز وێناکراوە و بە بڕوای میسرییەکان ڕووباری نیل لە «نون» کە هێمایە بۆ ئۆقیانووسی یەکەم سەرچاوەی گرتووە.

لە ئەفسانەکانی میسردا، دوو مێخواوەند هەبوون، کە نمایندەی کەنار دەریا دەکەن وا وێناکراون کە لە کەنار دەریا وەستاون و هەردوو دەستەکانیان واڵا کردووە و نزا لە ئاو دەکەن بۆ ئەوەی پیت و فەڕیان پێ بدات (١٢).

لە ئەفسانەکانی چیندا هاتووە، لە سەرەتادا زەوی بە ئاو داپۆشرابوو. یۆنانەکانیش بڕوایان بە بوونی ڕووبارێکی گەورە هەبوو، کە دەوری گەردوونی داوە، ئەو ڕووبارە ئۆقیانووسێکە سەرچاوە و ڕێژگەی دیار نییە، بەڵام گشت ڕووبار و دەریاکان لەو پەیدابوون (١٣).

لە ئایینی جوولەکەشدا، ئاو ڕەمزێکی دیار

و بایەخدارە، لە سیفری دروستبووندا هاتووە: «زەوی چۆڵەوانی و تاریک بوو، ئاو داپۆشیبوو، ڕوحی خودا لەسەر ڕووی ئاوەکە دەشەکایەوە».

لە ئێرانی کەونارادا، ئاویان بە پاک «سپیتا» لە قەڵەم دەدا و هیچ کات پیس و گڵاویان نەدەکرد و ئەو ئاوەی کە سێ تایبەتمەندییەکەی (ڕەنگ، بۆن، تام) بگۆڕدرایە، بۆ خواردنەوە و پاککردنەوە بەکاریان نەدەهێنا. دوای جەژنی حەوتەم کە میهرەگانە، جەژنی ئابانگان دەست پێ دەکات، دەیەمین ڕۆژی مانگی خەزەڵوەر، ناوی ئابان ڕۆژە، کە بە ناوی فریشتەی ئاو و خودی ئاوە و ئەم توخمەش وەکوو توخمە سەرەکییەکانی تری وەک: ئاگر، خاک، هەوا، لە ئایینی ئێرانییەکاندا پیرۆزن و پیسکردنی گوناحێکی ئێجگار مەزنە. لە کەدەی دووەمی هەفتەن، یەشتی مەزندا دەڵێت: «بۆ سەرچاوەی ئاو درووود و سڵاو و درووود بۆ ڕێڕەو و جۆبارەکان دەنێرین»، هەروەها لە بەشی ١٠ی لاپەڕە ٦٥ دا ئەهوورامەزدا فەرمان بە پەیامبەرەکەی دەکات «سەرەتا ڕوو بکە لە ئاو و نیاز و پێداویستییەکانی خۆتی پێ دابین بکە»، دەبێ ئەوەش بزانین کە فریشتەی ئاویش بەم ناوەوەیە و لەبەر حورمەتی ئەم فریشتەیە دەبێ ئاو خاوێن ڕابگیرێ و وەک پیرۆزێک ستایش بکرێ. لە دەقی ویشتاسپ یەشت و لە ئایەتی ٨دا هاتووە: «ئاو فەڕ و شکۆ لای یەزدانی بەو کەسەی دەبەخشێ کە ستایشی بکات» (١٤).

مرسیا ئەلیاد، سەبارەت بە گرنگی هێمای ئاو دەڵێت، ئاو لە هەر ڕێبازێکی دینیدا بە شێوەیەکی جێگیر و نەگۆڕ پارێزگاری لە ئەرکەکەی خۆی دەکات: ئاو وێنەکان دەکاتەوە و نیگارەکان شی دەکاتەوە و (گوناحەکان دەشواتەوە). ئاو لە یەک کاتدا پاککەرەوە و نوێکەرەوەیە، هەروەها ئاو لە خودی خۆیدا ناتوانێت لە تەرزی خۆی ڕەت ببێت (١٥).

هەروەها لە کوردەواریدا، پەندێک هەیە دەڵێ، ئاو و ئاوەدانی، واتە ئاو لە کوێ هەبێ، لەوێ شینایی و دارودرەخت و زیندەوەر و مرۆڤ هەیە، واتە لە کولتووری ئێمەشدا، ئاو هێمایە بۆ ژیان و ژیانەوە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١ - الرموز في الفن و الادیان و الحیاة، تألیف فیلیب سیرنج، ترجمة: عبدالهادي عباس، سوریا، دار دمشق، ط١، ١٩٩٢، ل٣٥٠.

٢ - هەمان سەرچاوە، ل٣٥١.

٣ - موقەدەس و ناموقەدەس، میرچا ئەلیادی، وەرگێڕانی، محەمەد سلێمان عەباس، بنکەی موکریانی، ٢٠٢٣، ل١٢٩ - ١٣١.

٤ - الرموز في الفن، ل٣٥٤.

٥ - سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٥.

٦ - توندوتیژی و پیرۆزی و سێکس لە میتۆلۆژیای ئیسلامیدا، ترکی عەلی ڕەبیعو، و: ئاوات محەمەد، ٢٠٠٧، ل٢٣٩.

٧ - موقەدەس و ناموقەدەس، ل١٣٠.

٨ - معجم الرموز، خلیل احمد خلیل، دار الفکر، لبنان، ١٩٩٥، ل١٥٤.

٩ - جولة في اقالیم اللغة و الاسطورة، علي الشوک، دار المدی، ١٩٩٩.

١٠ - تطور الفکر و الدین في مصر القدیمة، جیمس بریستد، ترجمة: زکي سوس. مصر، ١٩٦١، ل٥١.

١١ - جولة في اقالیم اللغة و الاسطورة، ل١٢٦.

١٢ - سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.

١٣ - سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.

١٤ - مێژووی نەورۆز، عەبدولعەزیم ڕەزایی، و: شەریف فەلاح، بنکەی موکریانی، ٢٠١٣، ل٩٦ - ٩٧.

١٥ - موقەدەس و ناموقەدەس، ل١٣١.